cyan magenta yellow black File: P.6 fl ˙ Æ˝ ” 1

شێخ عەبدولسەلام بارزانی لەگەڵ دەستەیەک لە هەڤاڵەکانی

دۆزی کورد و سەرهەڵدانی بزاڤی رزگاریخوازی کورد

دانا مەڤی

2.1

بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی بەگشتی میللەتان بە قۆناغ و سەردەم و ماوەی جیاوازدا تێپەڕیون، هەندێک لە میژوونوس و توێژەرانی ئەو بواڕە، کەلە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و شۆڕش و ڕاپەرینەکانیان کۆڵیوەتەوە لەسەر بنەمای دیاردە و سیماو تایبەتمەندییەوە بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە قۆناغ بەندیان کردووە، بۆمونە:

" فاسیلی نیکیتین" کوردناسی ڕووسی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی بەسەر سێ قۆناغ دابەشی کردووە:

1. سەردەمی بێ فەرمانڕەوایی و یاخیگەری کۆمەڵایەتی، کە ڕاپەرینەکانی(میرو دەرەبەگ) ە کوردەکان دەگرێتەوە، کە میرو دەرەبەگەکان زیاتر بە تەنگ سوودو قازانجی خۆیانەوە بوون.

2. قۆناغی کودەتا چییە ئیتیحادییەکان، لەم قۆناغەدا کورد لە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی ئەوەی دەدا دەوڵەتی عوسمانی دان بە مافە نەتەوەییەکانی دا بنێت.

3. دوای یەکەمین جەنگی جیهان دەست پێدەکات، کە پرسی کورد ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەردەگرێت و دەچێتە چوار چێوەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی وەکو (سیڤەرو لۆزان).

دواتر "فاسیلی نیکیتین" ئاماژە بەوە دەکات، کە قۆناغی نوێی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی (خۆیبون) دەست پێدەکات .

پسپۆڕێکی میژوویی کوردیش بەناوی دکتۆر "ئەحمەد عوسمان ئەبوبکر " لەمبارەیەوە بۆچوونی خۆی خستوونەتەڕوو و ئەویش قۆناغەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی سەرکردایەتی کورد بۆ پێنج قۆناغ دابەش دەکات:

1. میرە دنیاییەکان سەرکردایەتی ڕاپەرینیان دەکرد وەک (عبدالرحمن پاشای بابان و محەمەد پاشای سۆران و بەدرخان پاشای بۆتان) .

2. سەرۆکە دین و دنیاییەکان ڕابەرایەتیان دەکرد وەک تەیمور پاشای میللی و حوسێن کەنعان پاشاو عوسمان پاشای کوڕانی بەدرخان پاشا.

3. کەسایەتیە ئاینییەکان بوونە سەرکردەی بزاڤەکە لەسەرووی هەموشیانەوە(شێخ عوبێدوڵای نەهری و شێخ عبدالسلام بارزانی و شێخ مەحمودی حەفید و شێخ ئەحمەد بازرانی و شێخ سەعیدی پیران).

4. چەند سەرکردەیەکی نوێ پەیدا بوون وەک(سمایل خانی شکاک ـ سمکۆی شکاک، شێخ مەحمودی حەفید و قازی محەمەدو مستەفا بارزانی و ئیحسان نوری پاشا).

5. ڕێبەرانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد کەوتە ئەستۆی پارت و ڕێکخراوە هاوچەرخەکان وەک (مستەفا بارزانی و حزبی هیوا و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێران و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە عیراق لەگەڵ پارتەکانی کوردستانی باکور.

قۆناغەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بە سێ قۆناغ تێپەڕیووە:

1. لەسەرەتایی سەدەی نۆزدەهەم دەست پێدەکات تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ناوبراو، گرنگترین بزاڤی ڕاپەرینەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە (ڕاپەرینەکانی عبدالرحمن پاشای بابان و محەمەد پاشای میری سۆران و بەدرخان پاشای بۆتان و لە کۆتایشدا ڕاپەرینی عوسمان پاشا و کوڕانی بەدرخان پاشای بۆتان لە سالی (1878).

ڕێبەرایەتی ڕاپەڕین و بزاڤەکان بەدەست میرو وەچەکانیانەوە بووە، لەم قۆناغەدا پشت بە قەوارەی سیاسی ، دەرەبەگایەتی دەبەسترا بەشێوەیەک زەمینەی ڕەخساویان هەبوو، ئەرکەکانیشیان ئاسانتر بوو بە بەراوورد لەگەڵ قۆناغەکانی دواتر، لەم سەردەمەدا کوردستان لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە زەمینەو پەیوەندی دەرەبەگایەتی زاڵ بوو، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەش ڕاستە جوتیارەکان زۆرینەی زاڵی کۆمەڵگای کوردیبیان پێکدەهێنا ، بەڵام پاڵپشتییان زیاتر وابەستەی کەسی سەرکردە بوو، هەڵگیرساندنی ڕاپەرینەکان پەیوەست بوو بە هەڵوێست و دەستپێشخەری میرو دەرەبەگ و کەسە دیارەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی، سەرکردە، کە میر یان دەرەبەگێکی لە دەسەڵاتدا تاکڕەو بوو، هەرگیز بواری سەرکردایەتی و ڕاوێژی بە کۆمەڵی نەدەدا، ئەوەش هۆکارێک بوو، کە زۆر جار بە خراپ بەسەر چارەنوسەکەدا دەشکایەوە، یان سەرکردە نەدەما یان خۆی بەدەستەوە دەدا. ئیدی ڕاپەرینەکە دەپوکایەوەو لە ناو دەچوو، هەروەکو ڕاپەرینی(میر محەمەدی سۆران) کە نزیکەی پەنجا هەزار جەنگاوەری هەبوو، کەچی دوای خۆبەدەستەوە دانی میر هەموو ئەم گوڕوتینە بایەخی نەماو کۆتایی هات، یان(یەزدانشێر) لە سالی 1855 کاتێک دەستگیر کرا هەموو هێزەکەی پەرتەوازە بوون و بڵاوەیان لێکرد.

لەمەشدا بەرژەوەندی دەرەبەگایەتی و سوودی تاکەکەسیش لە سەرەووی بەرژەوەندی گشتی و نەتەوە خۆی حەشار دابوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لۆژیکی بیرکردنەوەی ئەو سەرکردانەی زادەو زەمینەی دەرەبەگایەتی کۆمەڵگای کوردەواری بوون.

1914ڕاپەرینی بەدلیس بە سەرکردایەتی مەلا سەلیم و شێخ شەهابەدین 1913-1914و ڕاپەرینی سمکۆ 1930- 1919، شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید 1919 -1032 ، شێخ سەعیدی پیران 1925، شێخ ئەحمەدی بارزانی 1932، ڕاپەرینی ئاگری داخ 1927-.1930 سەرکردایەتی ئەم قۆناغەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ئەستۆی کەسایەتیە ئاینی و سەرۆک هۆزەکاندابوو، ئەمانە زۆربەیان خاوەنی دەسەڵاتی (ڕۆحی) شێخایەتی و تەریقەتی سۆفیگەری یان سەرۆک هۆز بوون، هەندێکیشیان هەردوو دەسەڵاتی ئاینی و هۆزایەتیان پێکەوە هەبوو، وەک شێخ ئەحمەد بارزانی لەیەک کاتدا شێخی تەریقەتێکی نەقشەبەندی بووە و سەرۆکی هۆزەکانی بارزانیش بووە، شێخ عوبێدوڵای نەهری لە دوای میرەکان یەکەمین سەرکردەی بزاڤی نەتەوەیی کورد، کە ڕاپەرینەکەی بە خاڵی وەرچەرخان و دەسپێکی دیاری ئەم قۆناغە دادەنرێت، لەم قۆناغەدا سەرکردەی بزاڤەکان دەسەڵاتی ئاینی و هۆزایەتی خۆیان قۆستەوەو کردیانە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنان و ڕێبەرایەتیکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، لەم قۆناغەدا خەملاندنی هوشیاری نەتەوەیی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد گەیشتە ئاستێکی پێگەیشتوو بەهێزەوە ئالا هەڵکرا، دروشمی ڕزگاری کوردستان گوزارشتی لێکرا، شۆڕشی(شێخ سەعیدی پیران ئەگەرچی ڕژێمی تورکیا لە پروپاگەندەکانیان بە کۆنەپەرست و ئیسلامچی دەیانشوبهاند، بەڵام دواتر لە دادگادا تاوانی (دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی) درایە پاڵ، یان شێخ مەحمودی حەفید لە نامەیەکیدا لە 17ی 9ی 1930ڕاشکاوانە دەڵێت " بە نێوی ئەو میللەتە ئارییە، هەموو کوردەکان، داواتان لێدەکەین، کە ڕزگار بکرێین لە عەرەب و جیامان بکەنەوە لێیان".

لەم قۆناغەدا ڕێبەرانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد ئاگاداری هەلومەرجی نێودەوڵەتی بوون و لە هەڵوێستی زلهێزەکان تێدەگەیشتن، کە پاڵپشتی ڕاپەڕینەکانی کوردن، شێخ عبدالسلام بارزانی بۆخۆی پەیوەندی بە نوێنەرانی هەردوو دەوڵەتی(بەریتانیا و ڕوسیا) کرد لە دوای شکستی ڕاپەرینەکە، بە مەبەستی دابینکردنی یارمەتی بۆ زامنکردنی مافەکانی گەلی کورد بۆ خۆی چووە ڕووسیا،(سمکۆ) ی شکاک چەندین جار نامەو نێردراوی خۆی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی بەریتانیا نارد‌ووە، ئەمەش لە پێناو پاڵپشتیکردن بووە لە بزاڤەکەی، سەرەڕای هەموو ئەمانە بەگشتی زلهێزەکان ڕۆڵێکی نەرێنیان ناوبانگی زۆری نییە بەڵام بەڵگەی مێژوویی هەیە، کە ئەم هەنگاوەی شیخ عوبێدوڵای نەهری بە یەکەم هەنگاوی سەرەتایی و هەستکردن بە پێویستی ڕێکخستنی سیاسی دادەنرێت، لە دوای سالی 1908یشەوە کۆمەڵەی تر دامەزران لەوانە: کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد، کۆمەڵەی هێڤی ?1912 کۆمەڵەی گەیاندن لە کوردستانی ڕۆژهەلات، دوای یەکەمین جەنگی جیهان ریکخراوو کۆمەڵەی تر دامەزران، راستە ڕێبەرایەتی بزاڤە ڕۆشنبیرییەکان لە دەست شێخ و سەرۆک هۆزەکاندا بوون بەڵام کاریگەری خۆیان هەبوو لەسەر گەشەپێدانی هوشیاری ڕۆشنبیری و سیاسی نەتەوەیی کوردی. هەرلەم قۆناغەدا لە ئەنجامی یەکەم جەنگی جیهان کێشەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی قۆڵتر بۆوە و دووبارە کوردستان لە دوو پارچەوە بوو بە چوار پارچە، سەربازی داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان بۆ چوار پارچە داگیرکەرانی کوردستان بۆخۆیشیان لە ژێر چەپۆکی داگیرکەری ئیمپریالیزم بوون، ئەرکی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد زیاتر گرانتر بوو، بە جۆرێک دروشمەکان سەربەخۆیی کوردستانی مەزن بوو بە سەربەخۆیی هەرپارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان، واتە کورد پارچە پارچە بوون و هەرپارچەیەک داوای سەربەخۆیی خۆی هەبوو. ئەمەش لە ڕاپەرینەکانی(شێخ مەحمودی حەفید و سمکۆی شکاک و شێخ سەعیدی پیران) تێبینی دەکرێت.

ئەمەریکا دەیەوێت پاکستان ڕژدتر بێت لە هەمبەر تالیبان و ئەفغانستان

عەبدولقادر کەڵهۆڕ

ژەنەڕاڵ هێربەرت ڕیموند ماکماستەر ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا لە سەردانێکی ڕانەگەیەنراودا بۆ پاکستان لەگەڵ نەواز شەریف سەرۆکوەزیرانی پاکستان کۆبوونەوە ..بۆزانین ئەوە یەکەمین نوێنەری ئیدارەی سەرۆک دۆنالد ترامپە سەردانی پاکستان دەکات . پێشتریش ڕۆژی یەکشەمە سەردانی کابوڵی پایتەختی ئەفغانستانی کردبوو.

سەردانەکەی ماکماستەر بۆ کابول بەچوار ڕۆژ دوای ئەوە دێت کە ئەمەریکا گەورەترین بۆمبی غەیرە ئەتۆمی ئاراستەی پێگەو حەشارگەکانی چەکدارە ئیسلامییە تۆندڕۆکانی ئەفغانستان کرد لە ڕۆژهەلا□تی ئەفغانستان و بەهێزەوە نزیکەی 90چەکدار کوژران .

لە بارەی ئەو سەردانەوە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە ئیسلام ئاباد لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرایکرد، ژەنەڕاڵ ماکماستەر ستایشی پاکستانی کردووە لە هەمبەر بەرەو پێشچوونی دیموکراتیەت و ئابوری و پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی تۆندڕۆیی و تیرۆر بەهەموو شێوەیەک.

لە بەرانبەریشدا نەواز شەریف لە بەیاننامەیەکدا جەختیکردەوە ، ژەنەڕاڵ ماکماستەر پێی ڕاگەیاندووە ، ئیدارەی تازەی ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە کارکردن لەگەڵ پاکستان لە پێناو سەقامگیری و گەیشتن بەئاشتی و ئارامی لە ئەفانستان و ناوچەکە.

ماکماستەر لەو سەردانەیدا زۆر بە وردی و نادیاری هەنگاو بۆ ئامانجەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە دەنێت. تەنانەت لە لێدوانێکی بۆ تۆڕی هەواڵی تۆلۆچۆی ئەفغانی ئاماده نەبوو ئاشکرای بکات، ئایا ئەمەریکا بەنیازە سەربازی زیاتر ڕەوانەی ئەفغانستان بکات یان نا ؟!. لە بەرانبەردا ڕەخنەی توندی لە پاکستان گرت.. کە ئەمەریکا بەوە تۆمەتباری دەکات هاوکاری چەکدارانی تالیبان دەکات . گوتیشی ئێمە سالانیکە خوازیارین پاکستان ئەو ڕاستییە بزانێت کە لە بەرژەوەندی پاکستان دایە دژایەتی بزوتنەوەی تالیبان بکات و لە ڕێگەی دیپلۆماسیتەوە هەوڵبدات بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت نەوەک هاندانی گروپێکی تیرۆریستی چەکدارو پاڵپشتیکردنیان ، هەروەها پێویستە پاکستان ڕشتتر بێت لە هەمبەر ئەفغانستان و بزوتنەوەی تالیبان و بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات و هەنگاوی جیدی تر هەلبێنێت..

جێی بیرهێنانەوەیە ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە سالی 2001ئەوە هێزی سەربازی هێناوەتە ئەفغانستان و ئیستا نیزیکەی 8400سەربازی لە و وڵاتە نیشتەجێکردووە بە بەهانەی پاڵپشتیکردنی حکومەتی ئەفغانستان و بەرقەراربوونی ئاشتی و ئارامی لە ناوچەکە و ڕابەرایەتی هێزی پەیمانی باکوری ئەتلەسی دەکات لە ئەفغانستان بۆ ئەو مەبەستەش نزیکەی 5 هەزار سەربازی وڵاتانی پەیمانی باکوری ئەتلەسی بەشدارن لەو پرۆسەیە.

سەرچاوە afp